The Center of Halabja
*Against Anfalization and*
*Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendi Helebce
*Dj be Enfalkirdin u*
*Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# جەماوەری شاری هەڵەبجە بۆ خۆیان دوا بڕیاردەرن لەسەر سزادانی عەلی حەسەن مەجید لە شارەکەیان

**هاووڵاتییە خۆشەویستەکان**

**کەس و کاری قوربانیان**

**جەماوەری شاری هەڵە بجە**

هەروەکو هەموو لایەك ئاگادارن ناوەندی چاك لە سێ مانگ و نیوی ڕابردوودا , یەکەم لایەن بووە داوای سزادانی تاوانکارانی کردووە لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکانیان , بە تایبەتیش عەلی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە .

ئێمە وەك ناوەندی چاك ئەوە دوبارە ناکەینەوە و بەبیری کەسی ناهێنینەوە چەندە داکۆکیمان کردووە لە خواستەکانی خەڵکی ئەم شارە لە دابینکردنی پێداویستییەکانیان و قەرەبوکردنەوەی قوربانیانیان و چارەسەرکردنی بریندارەکانیان و .... , هاوکات هەر زۆر زوو و یەکەم لایەن بووین بە دوای چەند چرکەیەك لە گرتنی عەلی کیمیاوی , بانگەوزمان کرد و داوامانکرد کە پێویستە عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە دادگاییبکرێت , سەبارەت بە دواخستنی دۆسیەی هەڵەبجەش گومانمان هەبوو لەوەی بۆچی دادگاکە بە ناسراوترین تاوانی ڕژێم کە هەڵەبجەیە دەستی پێنەکرد , هەر زوو ناڕەزایەتی خۆمان ڕاشکاوانە لەو بارەیەوە ڕاگەیاند .

ئێستا پێمان وایە دوای سەرکەوتنی خواستەکانی کەمپینی جێبەجێکردنی سزای سەپاو بەسەر عەلی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە , ڕازیبونی بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکەر لە عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییە , وەك بینیمان لە ڕێگەی ئەم داواکارییەشەوە هەموو دۆسییەکانی دیکەی هەڵەبجە لە دادگاییەوە بۆ خزمەتگوزاری و چارەسەری برینداران و ... بوونەوە بە بابەتی ڕۆژ , گفتی زۆردرا بۆ چارەسەرکردنیان , ئەو دەستکەوتانە بە بەشێك لە سەرکەوتنەکانی ئەو کەمپینە دەزانین کە جگە لە کۆمیتەی هەڵەبجەی چاك و گروپی چاودێریو بەدوادا چونی هەڵەبجە سەنتەری پەرەپێدانو دیموکراسی مافی مرۆڤ D.H.R.H ئۆفیسی هەڵەبجە چالاکانە پشکداربوون تێیدا .

ئێمە وەك ناوەندی چاك سزادانی تاوانکاران لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکانیان بە قەرەبوویەکی سیاسی و مەعنەوەی گەورە دەزانین بۆ شاری هەڵەبجەو سەرجەم دەڤەرەکانی دیکە , ئەمە دەربڕی ئەوە نییە

ئاگاداری هەندێك كاردانەوەی نەگەتیف نەبین و خوێندنەوەی تایبەتمان بۆی نەبێت , ئێمە لە بەدیهێنانی ئەم خواستەمان لە دەسەڵاتی عێراقی  بە هاوكاری سەرجەم بەشداربووانی كەمپنەكانمان سەركەوتین , لێرەوە ئیتر جەماوەری شاری هەڵەبجە و دەڤەرەكانی ئەنفال سەرپشك دەكەین  لە جێبەجێكردنی ئەو داواكارییە لە ناوچە و شارەكەیان , هەرلێرەشەوە ڕایدەگەیەنییەوە  باشترین شوێن بۆ جێبەجێكردنی سزای جۆراوجۆری سەپاو بەسەر تاوانكاران ,  تەنها شوێنی ئەنجامدانی تاوانەكانیانە , وەلێ دوا بڕیار و قسە بۆ جەماوەرە  , هاوكات داوا لە هەموو لایەك دەكەین پەیوەست بن بە كەمپینی سەرانسەرییەوە بۆ گەیشتن بە هەموو خواست و داواكارییەكانی خەڵكی هەڵەبجە .

**ناوەندی چاك**

**2007-7-16**

**www.chak.be**